**<u>بناء الذات ملحق (6)</u>**

## بسم الله الرحمن الرحيم

بە هیدایەت و تەڕشیدی خوای، دەست بە بەشی دووەم دەکەین لە لیقائەکانی بیناء لە شەشەمین بەش، ئەویش لە مەوپاش ماددەکانمان ماددەی تەنفیذیە، لە بوعدی نەظەریات تەحویل دەکریَ لە بۆ بوعدی عەمەلی.. تەطبیقی، کە هەموومان بە یەك مستەوا لێوەی مەسئولین.

هەتا لیقائی ئەخیری لە خزمەتتان بەحسی ئەوەمان بوو بتانین خەیطی ئیرتیباط بە دەست بگرین بەینی عیلاقە لە نێو مەخلوقات لەگەر ذات، ذاتی مەطلوب، کە ساحێبی هۆردوو طەرف (الله)ە، ئەوشۆ پاشی تەشخیصی ئەو عیلاقانە دەچینە صیغەی تەنزیلی، وەکو نموذەجی یەکەم رسول الله محمد (صلی الله علیە وسلم) کو ئیستیقبالی ئەو حالەتەی کرد؟ کو تانی ئیستیعابی بکا وە تەنفیذی بکا؟ لەبەر ئەوەی خۆی بەتەنێ نەبوو لەناو جەمعەك بوو جەمعەکەش ذەکەرو ئونثای تێدا مەوجوود بوو، تەمەشا دەکەین کو ئەوانیش تانیتیان حوسنی ئیستیفادە لە تەجروبەی نبووەتی پێغەمبەر وەربگرن، مەعلومی هەموومانە پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) بەحاڵەتی ئیصطیفاء داچوو پێشی نبووەت، تەعریفی (إصطیفاء) ئەوەیە کە باری تەعالا حیمایەی کوللی موکەویناتی بەدەنی لە بوعدی شەهادەو غەیب هی ئەنبیاء و روسول حیمایەو حیفاظەت بکا لە ئەثەری شەیاطینی ئینس و جن، لۆوەی ئیعدادیان بکا لە بۆ تەلەقی ریسالە وە ئەدائی موهیمەی روسول، وە گوتیشمان لەلیقائی یەکەم هەر ئینسانەك ماددەی خامی پێیە دەکریَ خۆی وە بکا (إصطفاء) بکریَ ئینتیخاب بکریَ لە ضمنی جموعی مەخلوقات لەبۆ ئیستیقبالی موهیمەی یاخود ئەدائی یاخود هەضمی موهیمەی ریسالە، ئەویش بە جوزء، بە وەکالەت، نموذەجی یەکەم گوتمان پێغەمبەرە (صلی الله علیە وسلم)، پێغەمبەریش چل ساڵی تەواو باری تەعالا ڕیعایەی تەکوینی دەکا، لە سوڕەتی (ضحی) هەرسێ بوعدی طفولی و موراهەقە و شەباب، باری تەعالا بوعدی ئیجتیماعی، بوعدی ئیقتیصادی،

هەمووی ڕەبط دەکا بەیەك کە دەفەرمی: (أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى * وَوَجَدَكَ ضَالاًّ فَهَدَى* وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى (الضحى)، ئەوە ئیشاڕاتی مەکشوف و موباشیرە،(أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى) دیارە یەتیمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئیرادەکی ڕەبانی لەسەر هەبووە کە وەکو لەلیقائاتی پێشتر لەخزمەتتان بەحس کرا، ئەو فەراغە فیطڕیەی غەیر پڕدەبی بە ئوبووەت بە ئومومەت بە بنووەت هی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەربەبەتاڵی بمینێ، ئەو جەذبەی کە منداڵ صەرفی دەکا لەبۆ داك، لەبۆ باب، لەبۆ خوشك و برا هی پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) هەر بەتاڵی بمینێ، کە گوتمان هیچ وەختەك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە شعورو لە لاشعور نەیگوتیە أبي یاخود أمي یاخودأخي، لۆیە فیعلەن داخیلی ئا ئەو فەراغە نەوعیە دروست دەبی بە کەلیمەی ڕەبی ڕەبی پڕ ببی، هەتا دەگاتە ئەو مستەوایەی (حَتَّى إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحاً)(الأحقاف 15) دیارە ئەو عومرە موحەدەدە، هەر ئیشارەتەك بەنیسبەت ئەمبیاء و ڕوسولی سابقین هەبووبی لە قورئان ئیللا وە قسمەتەك لە حەیاتی پێغەمبەرو جوزئەك لە شەخصیەتی پێغەمبەر تەئشیر دەکا، هەتا ئەو مەوددەیە دیارە باری تەعالا تانیتی بەواسطەی مەخلوقاتی حیمایەو ڕیعایەتی کوللی داخیلی پێغەمبەر لەگەر خاریجی بکا، مومەثیلی سەر عارد سەر ئەرض ئیعداد کرا لە بۆ ئیستیقبال، باری تەعالا لە جیاتی هەموو مەخلوقات پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە سەفیر ئیختیار کرد، دیارە ئەوڕاق ئیعتیمادی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشتیتە ئەو مستەوایەی مەخلوقاتی ئاسمانیش شەهادەت لەبۆ ئەو حالەتەی بدەن، دەمینێ بوعدی عام، ئەوە بوعدی خاصی پێغەمبەر بوو، کذلك حەلەقاتی دەوروبەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وەکو خەدیجە رضی الله عنها و أرضاهاهکو زید إبن حارث کە خزمەتچی پێغەمبەری بوو (صلى الله عليه وسلم) وەکو علي بن أبي طالب کە ئەوانە دائیرەی یەکەمی موقەڕەبن لە صوحبەت و لە قەڕابەت بە نیسبەت پێغەمبەر، لەبەر ئەوەی ئەو ذاتە موبارەکە لەحەضاتی عومری پڕ بە مەعانی صەفائو و خوڵوص و صدق، ئەمانەت، دەی بردەسەر، وەکو فەیضەکی نوڕانی ئائەو دائیرە عامەش

ئیستیفادەی لێ دەکرد، تەئسیریان لێ دەکرا لە قەلبیان، محاوەلەی ئەوەیان دەکرد ئەوانیش مواکەبەی بکەن لەو وەضعەی کە ئەو شەخصیە نازدارە پێیدا تێدەپەری، ئەوانیش مەحاوەلەی ئەوەیان دەکرد کە تەصفیەی داخیلی خۆیان بکەن، عیلاقەك نەوعی و نموذەجی بەینی خۆیان و بەینی مەخلوقات دروست بکەن، ئەوانیش وەکو رسول الله محمد پێشی نبووەت تأمل و تفکر و تدبر و نظر لە مەخلوقاتی خوای دەکرا ئیقتیدائەن لرسول الله محمد، خاریجی وان لە ماڵ، خاریجی ماڵیان، دائیرەی ئەبو بەکر وە جوملەك ئەشخاصی دی دوور بە دوور لەقەطاطی حەیاتی ئەو پێغەمبەرەیان وەردەگرت دیراسەیان دەکرد، چەند کە لێی نزیك دەبوون تەمەثولیان بە ئەخلاقی وی دەکرد ئەوەندە ئیرتیاح و ئەوەندە ئینشراح لە داخیلیان دروست دەبوو، ئیذەن رب العالمین دەکرێ بلێین وەکو ئەو پیاوە صالیحە بەحسی کردیە (إن الله قد أطلع على قلوب أهل الارض جميعاً فوجد قلب محمد أطهر القلوب فخصه برسالته، ثم نضر الى القلوب أصحابه فوجد قلب أصحابه أطهر القلوب فختاره لصحبته) لەبەر ئەوەی ئەوانیش بە نەفسی طەور دادەچوون، بە نەفسی موعاناتی داخیلی، بە نەفسی ئەخذ و ڕەد و موطارەحات و موازەناتی خولوقی، ئەوانیش دیارە حوسنی ئیستیفادەیان لەو حاڵەی دەکرد کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تێیدا بوو، ئیذەن ئەوانیش بەشکلەك موحەدەدە ئینتیخاب و ئیختیار دەکران إصطفاء دەکران، شەوەك لە شەوان پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەگاتە مستەوای نیهائی لە ئیعداد، ئەو شەوە رب العالمین ناوی نایە بە قدر (انا انزلنه فى ليله القدر)، دیارە قەدری کەونی، دیارە ئیستیجابەی کەون، هەموو مەخلوقات گەیشتە ئەقصا دەرەجاتی حاجە، موقەدیر، قەدیر، قادیر، ئەوە کە تەحدیدی حالەت دەکا، عارد بە هەموو مەخلوقاتی لەسەر مەوعیدن ئیستیلامی ریسالەی خوای بکەن بە واسطەی مومەثیلیان محمد (صلى الله عليه وسلم)، وەکو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لە موذەکەراتی خۆی بەحسی دەکا لە صیحاح، عائیشە لێی دەگێرتەوە لە غاری حیراء بوو فوجئەتەن جبریل علیه سلام حازر بوو، بەبێ موقەدیمات ئەمری پێ کرد إقرأ ئەویش جوابی داوە (ما أنا بقاريء)، لە هەموو ڕیوایەتەکان دەلێ(فاخذني فغطني حتى خشيت

انه الموت)، كەلیمەی فغطني یەعنی له باوشێی کردم، لـە ڕیوایەتـەك بەحسـی ئـەوەی دەکـا کەپەراسووەکانی ترسی ئـەوەی هـەبووە پێغەمبـە ر (صـلی الله علیـه وسـلم) پـەراسـووەکانی بشـكێ، پێشـی نبـووەت و ئـەثنـای نبـووەتیش وە پاشـی نبـووەتیش هـەر صـادق بـووە لــە تـەعبیرات، صـادق بـووە لـە تـەصـویڕی ئینفیعـالات بـە حەقیقـەت، دیـارە ئـەو عەمەلیـە نەوعیـە بـە گرتن و بـە بـاوەش پێكردنـی و بـە ضـەغط لەسـەر بـەدەن کردنـی عەمەلیـەك نەوعی بووە، ئـەو ذاتـە موبارەکـە دەبـا پێیدابچی، لۆوەی بتـانی ئیستیعابی ماددەی وەحـی بکا لەو لەحضەوە هەتا وەفات دەکا، وە لـەو مستەوایـەش دابـی بـەو حـەیەویەتـەی کـە رب العالمین دایدەبەزێنی ئـەویش لـەو مستەوایـەی دابـی بتـانی تـەحویلی بکـا لـە بۆ مـەسامیعی یـاخود قولـوبی جمـوعی بـەشـەریەت لـە خۆیـەوە هـەتا ئـەخیـر ئینسـان لەسـەر وجـوود، مـەعلـومی هەموومانـە، ئـەوەی ئیختیـاری زەمـان و مـەکـان وە ماددەی وەحـی کردیـە، نـە پێغەمبـەر بـوو (صـلی الله علیـه وسـلم) وە نـە ئـەو وەسیطە بـوو کـە وەحـی دادەبەزانـد مـەلائیکەتـەکـە کـە نـاوی جبریـل بـوو، هیچێك دەخلیـان بـە مـەوضـوعدا نـەبوو، ئـەوەی ئینتخاب و اختیاری زەمان و مەکان و نـەوعـی وەحی وە صیغەو طـەبیعـەتی وەحی کرد الله (جل جلاله)، نه رسول الله محمد رەسوله لەسەر ئەرض، وەنـە رەسولی ئاسمان أمین السماء کـە (جبریـل)ە، هیچێكیـان دەخلیـان پێدانـەبوو، بـە ئیجمـاعی ئوممـە یەکـەمین ئایـەت یەکـەمین کەلیمـە کـە دابەزییـە لـە سـەر رسول الله (صـلی الله علیـه وسلم) کـەلیمـەی أقرأ بوو، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الْإِنْسَانَ مِنْ عَلَقٍ * اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ * الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ * عَلَّمَ الْإِنْسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ *)، دیارە بـەرەکاتی وەحـی زۆربووە وە بـە قووەت بـووە حتـی پێغەمبـەر (صلی الله علیه وسلم) خۆی شەخصەن ئیستیعابی حالـەتی نەکردیـە، تـەوەقوعی نـەکردیـە کـەئـەو وەضـعـەی بەسـەر دادێ بـەو هـەموو ئیجرائاتانـە دادەڕوا، فـە لۆیێ حالـەکی غێـر طـەبیعی ئیحساسی پێ دەکا پاشـی ئینقیطـاعی وەحییش، مـەعلـومی هەموومانـە ئـەو وەحیـە لـەو لـەحظـەیـەڕا هـەتا بیست وسێ ساڵ ئیدامـەی دا، بـەبێ ئینقیطـاع، بیسـت وسـێ سـاڵی کامل، بە لەحظە و بە سەعات و بەشەو و بە ڕۆژ بە مانگ و بـە سـاڵ موستـەمیر وەحـی دەهاتە خوارێ، لـە زۆر جـێ ئایـات بـە موفـەصـەڵی، لـە زۆر جـێ ئایـات بـە موڕەکـەزی،

دائیمە ڕیعایەتی حالەتی تەکوین و تەنشیئەی ئیمانی جەمعی یەکەم لەو لەحضەیەی کە بدأ کرا بە وەحی هەتا وەحی ئینقیطاعی بوو خۆی رسول الله محمد لەگەر جەمعی صەحابەی کیرام بە مەراحیلی بیناء و تەکوین دادەچوون، باری تەعالا ڕیعایەتی ئەو ئیمانە نەوعیەی دەکرد کە کو نمو دەکا، وەکو کۆرپەلە لەناو ڕەحمی دایك، یاخوود وەکو دەنکە گەنمەك لەبن عارد، باری تەعالا ڕیعایەتی تەکوینی دەکرد هەتا بگاتە ئەو حەددەی خۆی باری تەعالا خەتمی ریضوان و بەشارەتی جەننەیان پێ بدا، ئەو قورئانەی کە لەسەر ذاتی رسول الله دابەزی بە وەحی نەفسی ئەو موصحەفەیە کە ئێستا ئەمە لە خزمەتینە، وە ئەو موصحەفە کە ئێستا ئەمە لە خزمەتینە و مەوجوودە نەفسی حالەت وە نەفسی تەغیر دروست دەکا ئەگەر هاتوو ئیستیعداد لەناو ذەوات مەوجوود بی، بە ئیجماعی عولەمای دین تەکوینی خیلقیمان ئەمە لەگەر تەکوینی خیلقی ئەجیالی پێشی مە فەرقمان نییە، هەر لە ئەحاسیس و مەشاعیرو خەلایەمان وە باری تەعالا چ نەوعە فاریقەك و فاصیلەکی دانەنایە لە بۆ ئەو خیلقەتە بەینی مەو بەینی وان نە بە تەغیری زەمان نە بە تەغیری مەکان، ئەوانیش هەر نموذەجەك بووینە وەکیمە، ئیننەما ئەسەری ئەو موصحەفەیە ئەگەر هاتوو ئەمەش وەکو وان کردمانە قورئان، ئەو وەختی ذەواتی مەش دەگۆرێ، داخیلمان دەگۆڕێ، وەکو کو داخیلی ئەوان گۆرا، حەتمەن زەمەن لێرە وە جوهد کە دوو شت بووە باری تەعالا فەرضی کردتە سەر جەمعی صەحابەی کیرام موعامەلەی لەگەر بکەن ئیعتیباطی نەبووە، دیارە ئەگەر یەك لەوانە وەربگرین کە زەمەنە بچینە خزمەت قورئان و تەصەفوحی قورئان بکەین باری تەعالا نەك لەسەر مەخلوقاتی هەتا لەسەر خۆشی کردیتیە سوننە، زەمەن لەسەر خۆشی کردیتیە سوننە، لە چەند جێ باری تەعالا لە قورئان بەحسی خەلقی کەون دەکا ڕەبطی دەکا بە زەمەن**(اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ) (السجدة 4)** والسماء لەوەندە رۆژە ئەوە دیارە ئەو یەومە زەمەنە، ئەمما ئایا زەمەنی وەکی مەیە تەوقیتی مە? یان تەوقیتەك خۆی دەزانی? موهیم زەمەن تێیدا دەوری هەبووە لە خیلقەت، عیلمەن ئەگەر بیەوێ شت خەلق بکا (إِذَا أَرَادَ شَيْئاً أَنْ يَقُولَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ) (یس

82) ئـەمما ڕیعایـەی زەمـەن وەکـو سوننەك بـە نیسبەتە خۆی دیارە ئـەهـەمیـەتـی لـەو مستەوایەیـە کـە فیعلـەن بـەو زەمەنیەتـە تـەعـامول لـە گـەر ئـا ئـەو نـە وعـە مەخلوقـە بکـا، نەفسی وەقت ئا ئەو زەمەنەی تەنزیل کردبتە سەر ئـەو ذەواتانـە کـە فیعلـەن بـەو تەجروبـە نوعیـەی دادەڕۆن هـەتا دەگەنـە ئـا ئـەو مستەوایـەی کـە خۆی لـە داری إبتلاء حـەیات بـە موبتەلا دانایە، ئەو ذەواتانە لەو ئیبتیلائە تەخروج دەکەن بە نـەجاحی تـام، بـە ڕیضـوان و بە جەننات، وە ئەو حالەتە لەناو مەخلوقاتیشی کردیتیە سوننە، هیچ مەخلوقـەك نییـە زەمەن جـوزء نـەبی لـە تـەکـوینی، لـە تەنشـیئەی، لـە ڕیعایـەتی نمـووی، لـە نـاو مـەخلوقات موفاجیئیـەت نییـە، موصـادیفیەت نییـە، طـوفرە زەمـانی نییـە، کـەینێ ئـەو حالـەتـە بـووبی لەسـەر حیسـابی نـەوعـە، ئەگـەر ئـەوە لـەناو خیلقـەتـی مـەوجـوود بـی کـە سوننە لـەناو مەخلوقاتی خۆی دایناپی خۆی ئیستیعمالی کردبی کـە سوننە، دیارە ئیمـانیش ئیحتیاجی بـە زەمەن هەیە، لە عەینی وەقت جوهد، جوهدیش مەوضوعەکە باری تـەعالا ڕیعایـەتی ئـەو جوهدەی کردیە لـەناو هـەموو مـەخلوقات، هیچ مەخلوقاتـەك بـەبێ صـەڕفی جوهد ناگاتـە ئەو ئەهدافانەی کە باری تەعالا لـەبۆی دانـابی، موستەحیلە گەیشتنی، دەبی مـەخلوقات ئـا ئـەو جوهدە نـەوعیـە صـەرف کـەن بگەنـە ئـەو ئـەهدافـە حەیاتیانـەی کـە خـودا لـەبۆیانی ڕەسمدابی، نـەفسـی وەقت ئیمـانیش وەکـو وەقت ئیحتیـاجی بـە جوهـدە، ئیمـان لـە ئـەثنای تـەکـوین کوئیحتیـاجی بـە وەقتـە ئـەوهاش ئیحتیـاجی بـە جوهـدە دەبـی لەسـەری صـەڕف بکرێ، لە ئەسنای ئیستیعمالی زەمەن وە جوهد دەبی طەریقەش وەکو طـەریقـەی کـە خـودا داینـابی ئیللا بـە عـەینی طـەریقـە، ئـەدنـا تـەقدیم بـە پێشیێخستن یـاخود تـەئخیر بـە پـاش پێخستنی طەڕیقـەی خوای سوننەتـی خوای ئیللا خەلەلـەك لـە صیغەی تـەکوین دروست دەکا، لۆیێ نوقتەی سێیەم کـە جوهدو زەمـەنـە دەڵێین موتابـەعـەی خـەریتـەی خوای (جل جلاله) لە صیغەی تـەکوین وتەنشیئە ئـەویش ئـەصلی سێیەمە، چونکی لـە وەسـەطـی ئـەو مـەوضـوعە بەحسـی ئـەوەمان کـرد مومـەثیلـی یەکـەم کـەئوسوەیە لـەبۆ تـەکوینی ئیمـانی، پێغەمبـەرە (صـلی الله علیـە وسلم)، وە ڕەسـول کـە لـە بۆوی هاتیـە جبریـل علیـە السـلام هیچێکیـان دەخلیـان بـە نـەوع و بـە زەمـان و بـە مـەکـانی وەحـی نـەبووە، بـاری تـەعالا

موتەحەکیمە بە دابەزاندنی ماددەی وەحی، وەباری تەعالا موتەحەکیمە بە دابەزاندنی زەمەنی وەحی، لۆیێ دەخلی بەمەکانی وەحی نەبووە، باری تەعالا موتەحەکیمە بە دابەزاندنی ماددەی وەحی وە باری تەعالا موتەحەکیم بە دابەزاندنی زەمەنی وەحی، وە نەفسی وەقت تەشخیصی مەکانی وەحی، پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) نەیدەزانی لە سەر مەوعیدە لە گەڕ جبریل وە جبریلیش نەیدەزانی بەچماددەکی ئەمرپێکرایە، لە عەینی وەقتیش پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) نەیدەزانی چ ماددەکی لۆ دادەبەزی، دیارە هەر سێ طەڕەفە یەکەمین زەمان، دووەمین جوهد، سێیەمین طەریقە، هەر سێکیان ئەصڵن لە سوننەی تەکوین، ئەو تەجروبەیە بەس پێغەمبەر (صلی الله علیە وسلم) پێیدانەرۆیشت ئەوە خاص نەبوو لەبۆوی، کە ئەو بەو حالەتەی دادەچوو جوملەی صەحابەی کیڕامیش لەگەری موصاحیبی بوون، ئەوە مەفهومی کەلیمەی صوحبەیە لە قورئان، ئیمانیەن موصاحیبی بوون، لەگەری بوون، لە تەکوینی ئیمان، لە تەنشیئەی ئیمان، بە ڕیعایەتی زەمان وە جوهد وە حالەتی کەمەطلوبە ڕیعایەتی ئەو صیغە دابەزین وەحی دەهاتە خوارەوە، لۆیێ أدنا تقدیم أدنا تأخیر بە گوناهی تێدەگەیشتن، تەقوایان دەکرد، ئەو تەجروبەیە قائیمە وە دائیمە إلی قیام ساعة، هەر فیئەك، هەرجیلەك بیەوێ داخیلی خۆی ئیعداد بکا لە بۆ تەنشیئەی ئیمان لەبۆ تەکوینی ئیمان باری تەعالا حازرە قۆبولبەکا، ئەمما بەو شەرتەی ئینسانیش قەناعەت بە ئەو سێ شەرتە ڕەئیسیە بکا بە زەمەن وە جوهدوە ئیستیعابی حالەتی وەحی، کما أنزل علی رسول الله محمد (صلی الله علیە وسلم)،کەینێ تانی ئیستیعابی ئا ئەو سێ شەرتە بکا، ئەو وەختی تەوفیقات ڕیعایات و عینایاتی ڕەبانی لە گەر ئەو جەمعە دەبی، هەتا دەگەنە مستەوای رەضوان وەپاشان جەننات إن شآءالله، ئەگەر غەیر تەجاروبی هەبووبی کە موسوڵمانان قەدیمەن و حەدیثەن حەق بدەنە خۆیان و حەقیان دابیتە خۆیان ئیجتیهاد بکەن لەوەی ئەوانیش بتانن وفقی تەصەوڕ و فکری خۆیانی نابیع لە مەوقیع لە وجوود، بتانن وفقی ئەو دینەی کە خۆیان پێیانە حقق موعیین موعەییەن بەئیجتیهادی خۆیان تەقدیم کەن لە بۆ جموعی بەشەریەت، بە تەصەوڕیان ئائەو جەمعە بەشەریەتە بەو طەریقەیە، بەو نەوعە، پێیان

دەكرێ نەقلی كەن لە جەهەننەم لە بۆ جەننەت، ئەگەر حەق بدەینە وان ئەولاترە حەق بدەینە تەجروبەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) كە عیلمەن خۆی موجتەهید نەبووە لە مەوضوع، الله بعلمه وحكمه وحكمته ئەوخۆی راعی ڕیعایەتی تەكوینی ئیمانی پێغەمبەر و جموعی صەحابەی كیرام، فە ئەگەرئی ئەو جوملە موسوڵمانانە ئەو حەقەیان هەبی لەبۆ ئەو شتەی، ئەمەش حەقی زیاتر دەدەینە تەجروبەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) كە لە زەمانی خۆی قائیم بووە لە بۆ ئەو حالەتەی، وە هیچ وەقتەك باری تەعالا لە سوننەك لە سونەنی خۆی تەنازولی نەكردیەو ئیهمالی نەكردیە، ئەو سونەتە ئە گەر زەمانی بووبی ئەگەر مەكانی بووبی ئەگەر لە جموعی بەشەر بووبی بە موئمنی و بە كافیری إلی قیام الساعة ئەوە ماشیە، هیچ وەقتەك هیچ حالەتەك ئیلغا نەكرایە تەقدیم و تەئخیری لە سەر نەكرابی، مەثەلەن زەمان نەفسی ئەو زەمانەیە كە حەزرەتی ئادەم پێیدا چووبوو، مەكان كە كوڕەی ئەرضە جێی مەوعیدە هەر نەفسی ئەو كوڕە ئەرضەیە كە حەزرەتی ئادەمی لە سەر هبوت كرد، مەخلوقاتی دی نەفسی مەخلوقاتن موتەغەیر نینە، تەفسیری مە هەیە لە مەوضوع، زۆرجار ئەمە خۆمان بە موجتەهید دەزانین لە مەوضوع دەردەچین كأنە دەرێین سوننەی خوای لە زەمانەك حەقی ئەوەی هەبووە سونناتی خۆی تەطبیق بكا، ئەمە خۆمان موخەییەرین وەكو بەشەڕ كو تەكنەلوجیاو ئەجهیزەی مەصنوعات لە تەغیر و لە تەطەوردایە، كأنە ئەمەی بەشەریش لە تەطەوردایین حەقی ئەوەمان هەیە یان حەقی ئەوە بدەینە خۆمان ئیجتیهاد بكەین لەو ماددییەی كە خودا بە حەقی خۆی دانایە، لۆیە بەشەریەت حەتا لە خاریجی ئیسلامیش تووشی مونكبات تووشی موعاناتی زۆر بووە بە تیكراری بەوەی وە حەتا لە ناو دینی ئیسلام، تووشی ڕەفع و تووشی نزولی زۆر بووە، حالات بووە ئەمور بەسەری دا چووە لە تاریكی و لە ڕەشی ئەحداث ئینسان تەصەوڕی ناكا، عیلمەن عەكس مەطلوب بوو لەوەی دەیكا، غەیری ئەو دەورە ببینی و غەیری ئەو دەورە ئەدا بكا، ئیللا قەد لەو تەصەوڕەی دا نەبین كە فیعلەن باری تەعالا ئیجازەی دابیتە جەمعەك لە جموعی موئمینین بە ئیختیاریەتی خۆیمان ئینتیخابی نەوعی ئیمان بكەن وە صیغەی ئیمان بكەن،

وە ئەوان موقتەرەحات تەقدیم بکەن لە سەر الله، کە فیعلەن دەبی دین بەو نەوعەی بی کە ئەمە دەمانەوێ، نەك ئەمە موستەسلیم بین لە بۆ ئەو دینەی کە ئەتوو دات بەزاندیە، ئیقتیراحات تەقدیم بکرێ لە سەر رب العالمین، لۆیێ نەهجمان ان شاءالله لە صیغەی أخذ وەرگرتن لە قورئان، وە لە صیغەی تەحویل و بیناء، وەکو ئەبو بەکر وەکو عەممار إبن یاسر وەکو علي أبن طالب وەکو عەبدورەحمان کوری عەوف وەکو طەڵحەو زوبەیر وەکو زەید ئەوجیلە موبارەکە نەوعییە کو ئیستیعابی ئەودینە و ئیمتیصاصی ئیمانیان کرد، ئەمەش إن شاءالله تعالی بە نەفسی طەریقە، بە نفسی نەوعییە بە نەفسی ئسلوب، محاوەلەی ئەوەمانە، کە ئەمەش ئەو ذەواتانەبینینە دەی (إنە ُهوَ السمیع العلیم) وە پێشمان دەکرێ حەتمەن بە بێ شکوك قەناعەتتان هەبی لەبەرئەوەی خوا نەفسی خوایە (جل جلاله) هیچ لە ئەسمائی خۆی نەگۆرییە، وە کەلامی نەفسی کەلامە ئەگەر ئەمەش نەفسی ذەوات بین قەناعەتتان هەبی باری تەعالا نەفسی شوخوص لێ دەردەکا ئەو مەعمەلی کە وەختی خۆی ئیمانی لێ دەرهینا نەفسی مەعمەل مایە، ئەمما ماددەی ئەوەلیی دەوێ، دەمینێ لەسەرە مە، خۆمان فیعلەن ئیستیعدادمان هەیە ببینە ئائەو ماددە ئەوەلییە یان؟ تەمەننا دەکەم لە باری تەعالا ئیمانمان لۆ زیاد بکا ئەمن خۆم ئەوەلەن، پاشان ئەنگۆ ئیمانەکمان بە نسیب بکا وەکو ئیمانی ئەبابەکر صەدیق وە عەمەلەکیشمان بەنسیب بکا وەکو عەمەلی ئەبو بەکر صەدیق حەتا خۆشمانی دەوێ لێمان راضی بی هادی و تەرشیدمان بەی دونی بەشەریت دونی مەخلوقات خۆی دەستمان بگری تەنیورمان بکا بە قەلب قالب قورئانمان فێرکا بەخۆشی لائیقا واریثە إنە ُهوَ السمیع العلیم، أقول قول هذا وأستغفرالله لي ولکم، سبحان ربك رب العزة عما یصفون، والسلام علی المرسلین والحمدلله رب العالمین)